# بۆچی  لە هەرێمی کوردستان و عێراق نرخی خۆراک دوو هێندە زیاتری جیهان بەرزبووەتەوە؟

23-03-2022

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** مانگ شوباتی ئەمساڵ نرخی خۆراک ئاستێکی نموونەیی لە بازاڕەکانی جیهان، عێراق و هەرێمی کوردستان تۆمارکرد و، بەڕێژەی 20.7 % بە بەرارد بە ساڵی رابردوو بەرزبووەوە[1]، کە ئەمەش خێراترین ئاستی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراکە لەماوەی دەیەکانی رابردوودا. ئەمەش بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی سوتەمەنی و شەڕی رووسیا و ئۆکرایناوەیە، بەڵام ئەوەی لە هەرێمی کوردستان و عێراق روویداوە دوو هێندە و بگرە زیاتری ئەو رێژەیەشە کە لە بازاڕەکانی جیهان بۆ مادده خۆراکییەکان تۆمارە کراوە، هەروەها نرخی خۆراک لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی دیکەی هەرێمی کوردستان جیاوازە و لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە بەغدا نرخەکان هەرزانترە، بۆچی؟ لێرەدا هەوڵدەدەین گۆڕانکارییەکانی نرخی مادده خۆراکییەکان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، و عێراق بە بەراورد بە یەک مانگ، شەش مانگ و ساڵی رابردوو دەربخەین و، لەگەڵ نرخە جیهانییەکان بەراوردی بکەین و هۆکاری جیاوازی نرخەکانیش لە هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان بخەینەڕوو.

**مەحموود بابان*** ـناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو |

**بەرایی**


مانگ شوباتی ئەمساڵ نرخی خۆراک ئاستێکی نموونەیی لە بازاڕەکانی جیهان، عێراق و هەرێمی کوردستان تۆمارکرد و، بەرێژەی 20.7 % بە بەرارد بە ساڵی رابردوو بەرزبووەوە[1]، کە ئەمەش خێراترین ئاستی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراکە لەماوەی دەیەکانی رابردوودا. ئەمەش بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی سوتەمەنی و شەڕی رووسیا و ئۆکرایناوەیە، بەڵام ئەوەی لە هەرێمی کوردستان و عێراق روویداوە دوو هێندە و بگرە زیاتری ئەو رێژەیەشە کە لە بازاڕەکانی جیهان بۆ مادده خۆراکییەکان تۆمارە کراوە، هەروەها نرخی خۆراک لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی دیکەی هەرێمی کوردستان جیاوازە و لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە بەغدا نرخەکان هەرزانترە، بۆچی؟ لێرەدا هەوڵدەدەین گۆڕانکارییەکانی نرخی مادده خۆراکییەکان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، و عێراق بە بەراورد بە یەک مانگ، شەش مانگ و ساڵی رابردوو دەربخەین و، لەگەڵ نرخە جیهانییەکان بەراوردی بکەین و هۆکاری جیاوازی نرخەکانیش لە هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان بخەینەڕوو.

**نرخی خۆراک لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان**

بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان، بازاڕێکی بەکاربەرە و پشت بەهاوردەکردن دەبەستێت، هەربۆیەش بچووکترین گۆڕانکاری لەڕووە جیاوازەکانی سیاسی، ئابووری و ئەمنییەوە کاریگەرییەکی گەورە دەخاتە سەر نرخەکان. هەربۆیەش بەپێی راپۆرتی پرۆگرامی خۆراکی جیهان WFP لەبارەی گۆڕانکارییەکان لە بازاڕی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەردەکەوێت کە نرخەکان لەمانگی ئادار، بە بەراورد بەمانگی شوباتی ئەمساڵ و شەش مانگ و ساڵی رابردووش بەرزبووەتەوە، لەکاتێکدا کرێ (بژیوی ژیان بۆ کڕینی مادده خۆراکە سەرەکییەکان ) کەمبووەتەوە وەکو لە گرافیکی یەکەمدا هاتووە.

بۆ نموونە، نرخی ئارد لە مانگی ئادار بە بەراورد بە ساڵی رابردوو لە دهۆک بەرێژەی 20%، لە سلێمانی بەرێژەی 39% و لە هەولێر بەرێژەی 13% بەرزبووەتەوە.هەروەها، نرخی برنج کە خۆراکێکی سەرەکییە، لە مانگی ئاداری 2022دا بە بەراورد بە شەش مانگی رابردوو، لە دهۆک بەرێژەی 13%، لە سلێمانی بەرێژەی 35% و لە هەولێریش بەرێژەی 14% بەرزبووەتەوە. هەروەها، نرخی رۆنی زەیت، لەمانگی ئادار بە بەراورد بە ساڵی رابردوو لە دهۆک بەرێژەی 58%، لەسلێمانی بەرێژەی 16% و لە هەولێر بەرێژەی 59% بەرزبووەتەوە. لەبارەی نرخی مادده خۆراکییەکانی دیکە و گۆڕانکارییەکان لەمانگی ئاداری 2022 بە بەراورد بە مانگی رابردوو، سێ مانگی رابردوو، هەروەها شەش مانگ و ساڵی رابردووش بڕوانە گرافیکی یەکەم و کردنەوەی بەشێوەی ئیکسڵ لەم راپۆرتەدا. نرخی خۆراک لە پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان داتا و گرافیکەکان

گرافیک 1: رێژەی گۆڕانکارییەکان لە نرخی خۆراک و کاڵاکان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان



سەرچاوە: پرۆگرامی خۆراکی جیهانی، WFP ئادار 2022 [2]


## نرخی خۆراک لە هەولێر و لە بەغدا

بەغداد و هەولێر جیاوازییەکی گەورەی لە نرخەکان بۆ ماددە خۆراکییەکان و بەرهەمەکانی سوتەمەنی هەیە، بەشێوەیەک لەمانگی ئادار نرخی یەک کیلۆ ئارد لە بەغدا بە 1625 دینار، بەڵام لە هەولێر بە 1125 دینار بووە، هەروەها بۆ سوتەمەنی نرخی یەک لیتر بەنزین لە بەغدا بە 450 دینار (حکومەت ساڵانە ملیارەها دۆلار خەرجدەکات) بەڵام لە هەولێر بە 900 دینار بووە. هەروەها نرخی یەک کیلۆ مریشک لە بەغدا بە 6000 هەزار و لە هەولێر بە 3000 هەزار دینار بووە وەکو لە گرافیکی دووەمدا هاتووە.

لەڕاستیدا، جیاوازی لە نرخی خۆراک بەهۆی خواست و خستنەڕوو بووە، هەروەها لەبەرئەوەی هەردوو پایەتخت بەکاربەرن و پشت بە کاڵاکانی دەرەوە دەبەستن، وەکو لە گرافیکەکەدا دەردەکەوێت نرخەکان بە بەراورد بە سێ مانگ، شەش مانگ و ساڵی رابردووش بەڕێژەی 10% بۆ 50% بۆ ماددە خۆراکییەکان بەرزبووەتەوە.

هەروەها، جیاوازی جۆرەکانی سوتەمەنی و نرخی بەنزین و بەهۆی  خەرجکردنی حکومەتی عێراق بۆ بەرهەمە سوتەمەنییەکان بەشێوەیەک تەنیا لە 2020دا بۆ نەوت بە بەهای 2.9 ملیار دۆلار، بۆ کارەبا بە بەهای 1.4 ملیار دۆلار [3]لەجیاتی هاوڵاتیان نرخی سوتەمەنی زیادەی داوە بۆ ئەوەی لە بازاڕەکاندا بەو نرخەی ئێستا لە عێراق بخریتەڕوو.

گرافیک 2: ڕێژەی گۆڕانکاری لە نرخی کاڵاکان لە نێوان هەولێر و بەغدا




سەرچاوە: پرۆگرامی خۆراکی جیهانی، WFP ئادار 2022 [4]

## بژیوی ژیان و توانای کڕینی هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان و عێراقییەکان

یەکێک لەو خاڵانەی لەدوایین راپۆرتی پرۆگرامی خۆراکی جیهان WFP لەبارەی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە هاتووە، توانای کڕین یاخود کرێی (بژیوی) عێراقییەکان و هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستانە بۆ دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکان، بەشێوەیەک لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، کرێ یاخود سەرچاوەی بژیوی ژیان کەمیکردووە وتوانای کڕین زیاتر کەمیکردووە و وەکو لە گرافیکی سێیەمدا هاتووە نرخەکان بەرزبوونەتەوە.

گرافیک 3: ڕێژەی گۆڕانکاری لە کەمترین توانای کڕین ماددە خۆراکە سەرەکییەکان و کرێ (داهات) بۆ کڕینی سەبەتەی خۆراک لە چەند پارێزگایەکی جیاواز.



## هۆکاری گۆڕانکارییەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان

بەپێی پێرستی نرخی خۆراکی فاو لەمانگی شوباتدا، نرخی خۆراک 140 خاڵ بووە، واتە بە بەراورد بەمانگی یەکی ئەمساڵ بەرێژەی 3.9%و بە بەراورد بە ساڵی رابردوو بەرێژەی 20.7% بەرزبووەتەوە. هەروەها، بەپێی بڵاوکراوەکانی فاو لەبارەی هەریەکە لە نرخی خۆراک، دانەوێڵە، شیرەمەنی، گۆشت، سەوزە و میوە بەرێژەی جیاواز لە مانگی شوباتدا بە بەراورد بەمانگی رابردوو یاخود ساڵی رابردوو بەرزبووەتەوە. لەلایەکی دیکەوە هەمان ئەو جۆرانە لە بازاڕ و مارکێتەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بەرێژەی دووهێندە و زیاتری ئەو رێژەیە بەرزبووەتەوە کە لە ئیندێکسی فاودا هاتووە، بۆ نموونە بەپێی ئیندێکسی نرخی خۆراکی فاو، لە مانگی شوبات بەرێژەی 15.8% بە بەراورد بە مانگی پێش خۆی زیادیکردووە، بەڵام لە عێراق بەرێژەی زیاتر لە 50% زیادیکردووە[5].

لەڕاستیدا، کاریگەرییەکانی پشت گرانبوونی مادده خۆراکییەکان لەسەر ئاستی وڵاتانی بەکاربەر تاوەکو بەرهەمهێنەر زیاتر دەردەکەوێت، چونکە ئەوە وڵاتانی بەکاربەرن تووشی کەمی خۆراک یاخود نەمانی سەرچاوەکان لە بازاڕدا دەبنەوە، نەوەکو وڵاتانی هەناردەکار! لەبەرئەوەش بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق وەڵامی خێرایان بۆ گۆڕانکارییە نەک گەورەکان بگرە بچووکەکانی وەک پچڕانی زنجیرەی دابینکردن، تێکچوونی پەیوەندی دیپلۆماسی وڵاتان، هەڵگیرسانی شەڕ لەدووری هەزاران کیلۆمەتر دەبێت، بەڵام ئەو جیاوازییەی لە نرخی مادده خۆراکییەکان لە بازاڕەکان روویداوە، لەوانەیە پەیوەندی بە هەموو ئەوانەی سەرەوە بێت، بەڵام ئەمانەی خوارەوە هۆکاری سەرەکین:


- لە جیهاندا هاوڵاتیان یاخود دانیشتوانی وڵاتانی جیهانی سێیەم یاخود ئەوانەی بەکاربەرن و داهاتی کەمیان هەیە، خەرجییەکانیان بۆ خۆراک زیاتر سەرف دەکەن، هەروەها خەمڵێنراویشە کاتێک نرخەکان بەرزدەبێتەوە زیاتری دەکەن[6]، هەربۆیەش هاونیشتمانییەک لە هەرێمی کوردستان بە بەهای زیاتر لە نیو ملیۆن دینار رۆنی زەیتی کڕیبوو!
- خاڵێکی دیکە رێژەی هەڵئاوسان لە بازاڕەکانە. بەشێوەیەک بەپێی راپۆرتی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان تێکڕای هەڵئاوسانی ساڵانە لە 2021دا بە بەراورد بە 2020 بەرێژەی 7.3% بووە[7]، کە ئەمەش بەمانای ئەوە دێت مانگ بە مانگ نرخەکان روویان لە بەرزبوونەوە کردووە.
- خاڵێکی دیکە دابەزینی بەهای دیناری عێراقە بەرامبەر بە دۆلار لە مانگی دوانزەی 2020وە، کە کاریگەرییەکی گەورەی کردووەتە سەر بەهای کاڵاکان و توانای عێراقییەکانی بۆ کڕینی کاڵاکان کەمکردووەتەوە.
- بەهۆی بێ بارانی و وشکەساڵی، بێ پلانی کشتووکاڵی لە عێراق و هەرێمی کوردستان ساڵی رابردوو بەرهەمێکی ئەوتووی دانەوێڵە (گەنم) نەبوو، هەربۆیەش لەمانگی ئاداری ئەمساڵدا، کاتێک بەهۆی شەڕی رووسیا و ئۆکرایناوە لەسەر ئاستی هەموو عێراق نرخی ئارد بەرێژەی 9% بەرزبووە، کە بەرزترین رێژەش لە ئەنبار بووە کە 39%، بەدوایدا کەربەلا بەرێژەی 28% و نەینەوا بەرێژەی 25% و دهۆک بەرێژەی 20%.

**کۆتایی**

بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و مادده سەرەکییەکان بۆ بژیوی عێراقییەکان و هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان بە دابەشکردنی دوو بەشە خۆراکی مانگانە چارەسەرنابێت، لەکاتێکدا عێراق یەکێک لەو وڵاتانەیە کە گەورەترین پرۆگرامی دابەشکردنی خۆراک بە هەرزان لە جیهاندا بەڕێوەدەبات، بەڵام خراپیی کوالیتی بەرهەمەکان و دابەشکردنی بەوشێوەیەی ئێستا ئەوەی لێدەکەویتەوە کە بە هەرزانتریش لەو نرخەی حکومەت دەیدات ژمارەیەکی زۆری عێراقییەکان (ئەوانەی هەرێمی کوردستان) بەتایبەت ئەوانەی لە سەنتەری شارەکان دەژین وەریناگرن و دەیفرۆشنەوە بە بریکارەکان، ئەگەر زیادەڕەوی نەبێت بەهەمان ئەو لۆرییەی هاتووە، هەناردەی وڵاتانی دیکە دەکرێتەوە، کە بەتەنیا ئەم ئاڵۆگۆڕە واتای بەفیڕۆچوونی دەیان ملیار دۆلارە!

هەربۆیەش خاڵی دەستپێک لەرێکخستنەوەی کوالیتی بەشەخۆراک و میکانیزمی دابەشکردن بەسەر عێراقییەکاندایە، چونکە ناکرێت خێزانێکی ملیۆنەری بەغدادی و هەژارێکی بێ خیوەت هەڵهاتوو لەدەستی داعش، ئەگەر شەش کەس بن هەمان بڕ و هەمان ماددەی خۆراکی وەربگرن!

تێبینی. هەندێک لە دەستەواژە بەکارهاتووەکان



## سەرچاوەکان


/https://www.fao.org/worldfoodsituation/foodpricesindex/en [1]

[2] https://docs.wfp.org/api/documents/WFP-0000137684/download/?_ga=2.63143471.149987153.1647667048-512057036.1647340192

https://www.iea.org/topics/energy-subsidies [3]

[4] https://docs.wfp.org/api/documents/WFP-0000137684/download/?_ga=2.63143471.149987153.1647667048-512057036.1647340192

[5] https://docs.wfp.org/api/documents/WFP-0000137684/download/?_ga=2.63143471.149987153.1647667048-512057036.1647340192

/https://blogs.imf.org/2022/03/16/war-fueled-surge-i-food-prices-to-hit-poorer-nations-hardest [6]

/https://krso.gov.krd/content/upload/1/root [7]